# نــــــا بە هەڵ بژاردن ،نـــــا بە حکومەتی داسەپێنراوی ئەمریکا



ئەمرۆ لە زنجیرەی چالاکیکانی ڕێکخراوی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەلەندەن بۆ مقاتەعەی هەڵ بژاردنەکانی عیراق و کوردستان ، لە شەقامی ئیجوار رۆد میزکتابی حیزب دانرا کە بە چەندین نوسراوی هاوڕێ منسورحیکمت و ڕۆژنامەو بلاوکراوەکانی (ئۆکتۆبەر،الشیوعی عمالی ،دەنگی بیکاران ،رفراندۆم ) وبەیانی یەکانی حیزب لەسەر گاڵتەجاری هەڵ بژاردنەکان رازابووە ،لەنیو ریبوارادا دەیان بەیانی بانگەوازی هاوڕێ ریبوار ئەحمەد بەزمانی ئنگلیزی وعەرەبی بلاوکرایەوە ، خەڵکی لە سەر چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق دا تاکیدیان دەکرد ،کەسیکی فەلەسەتینی بەهاوریانی ئێمەی راگەیاند( کە نە ئەیاد عەلاوی نە رژیمی بەعس قازانجی خەڵکی عیراقیان ناوێ)،ریبواریەکی تر دەڵێ( سەبەبی کیشەکان و تیکدانی ژیانی مەدەنی خەڵکی عیراق هیزەکانی ئەمریکا یە )...پەیتا پەیتا ریبواران ناو و ئەدرەس و ژمارە تەلەفونی خۆیان تۆمار دەکرد بۆ پشتیوانی لەخەڵکی عیراق و کوردستان.

شایەنی باسە دروشمی نا بۆهەڵ بژاردن ..،چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەعیراق، نا بۆ ئەمریکاو نا بۆ ئیسلامی سیاسی بەگەورەیی لە ناوەندی شەقامی ئیجوارڕۆد دا هەڵ واسرابوو لە گەل چەندین درۆشمی تر لە سەر نەبوونی شەرتی هەڵ بژاردنێکی ئازادانەو ناشەرعی بوونی هەڵ بژاردنەکان کە سەرنجی رێبوارانی بەلای خۆیدا رادەکیشا و رەسمی لێ دەگیرا.

ڕێکخراوی بەریتانیای حیزب رۆژەکانی دوایی ئەم میزکتابە دەگۆیزیتەوە بەردەم( ناوەندەکانی ناونوسینی خەڵك بۆ بەشداری لە هەڵ بژاردنەکان)، بانگەوازتان دەکەین لەم چالاکی یانەو بۆ مقاتەعەی ئەم هەڵبژاردنانەو لە پێناو ئایندەیەکی ئینسانی بۆ خەڵکی عیراق و کوردستان بەشداری بکەن لە گەڵماندا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق\ڕێکخراوی بەریتانیا**

**2005-1-15**

---


www.wpiraq.net
wpiraq_uk@yahoo.com
Tel:07734704742